ئیمتیازی هەفتەنامەی (پیام مردم) بەتاڵ کرایەوە

لقی یەکی دادگای گشتی ئوستانی کوردستان (سنە) بە ساڵێك زیندان، کە بەشێوەی سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێراوی بەرێوە دەچێت و هەروەها پێنج ساڵ بە بەش بوون لە خاوەنئیمتیازی و بەرپرسایەتی هەفتەنامەی راگیراوی (پیام مردم)، محەمەد سدیق کەبوود وەندی، سزا دابوو. هەروەها ئیمتیازی هەفتەنامەی (پیام مردم)ی بەتاڵ کردبۆوە. سەبارەت بە دواین بریاری دادگە، محەمەد سدیق کەبوود وەند بە میدیاکانی راگەیاندووە کە: (بەر لە ئێستا بە تاوانی بڵاوکردنەوەی نا راستی بەمەبەستی شێواندنی هزری گشتی، سزای ساڵێك زیندان و بە تاوانی پەرە پێدانی ناکۆکی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە رێگەی هێنانە گۆری پرسەکانی رەگەزی و نەتەوەیی سزای ٦ مانگ زیندان و ٥ ساڵ بێ بەشبوون لە بەرپرسایەتیەکانی رۆژنامەوانی لە وێنەی خاوەن ئیمتیازبوون و ئەدیتۆری بڵاوکراوەکان بە سەرم دا سەپابوو، بەڵام بە هۆی بوونی ریفۆرمێك کە بەسەر حوکمی دادگاکە داهات، بە ساڵێك زیندان بە شێوەی ٣ ساڵ هەڵپەسێراوی گۆراوە و شەش مانگ زیندانیش بە هۆی تاوانەکانی دووهەم، هەڵوەشاوەتەوە). محەمەد سدیق کەبوود وەند، لە مانگی ئایاری ساڵی رابردوودا بە شوێن شکایەتی بەرێو بەریەتی ئاسایشی پارێزگای کوردستان، دەست بەسەرکراودواتریش (پیام مردم) کەتەنها ١٣ ژمارەی لێ بڵاوکرابۆوە، داخرا هەفتەنامەی (پیام مردم) بڵاو کراوەیەکی هەرێمی بوو کە لەپارێزگای کوردستان چاپ دەکراو لە پارێزگاکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ئازەر باینجانی رۆژ ئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەکرایەوە.

بەنزینخانەی بارزان ئاگری تێبەربوو

بێگوێرەی هەواڵ شەوی ٨-١١-٢٠٠٥ ئاگر لە بەنزینخانەی بارزان هەڵکەوتو لەناو گەڕەکێکی قەڕەباڵغی شاری زاخۆ کەوتەوە. سەرچاوەکانی بەرگری میللی شاری زاخۆ ئاگرکەوتنەوەکەیان بۆ شۆرتی کارەبایی گێڕایەوە و گوتیان کە سیستەمی کارەبای بەنزینخانەکە نارێك بووە و هۆکاری سەرەکی ئاگرکەوتنەوەکە بووە. لە ئاکامی ئەو ئاگر کەوتنەوەیەدا زیانێکی ماددی بە بەنزینخانەکە کەوتووە و تەواوی کەل و پەلەکانی ناوی سووتاون ..

شۆفێر تاکسیەکانی شاری سنە خۆپیشاندانیان کرد

کات ژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانی دووشەممەی ٨ی مانگی ١١ دەیان کەس لە شۆفێرانی تاکسی ناوشاری (سنە) دەستیان لە کار کێشاوەتەوەو وێرای خۆپێشاندان لەبەردەم ئوستانداری کوردستان سەبارەت بە ئەو گیرو گرفتانەی کەبۆیان پێکهاتووە ناڕەزاییان دەربڕیوە. لە ئاکامی ئەم خۆپیشاندانەدا کە بۆتە هۆی داخستنی شەقامی ئۆستانداری و پێکهاتنی ترافیك لە شەقامەکانی دەور و بەر.. خۆپیشاندەران خوازیاری بەهرەمەندبوون لەمافی بیمە بوون وسەبارەت بە بەرتەسککردنەوە لەبواری سوارکردنی موسافیر لە لایەن بەرێوەبەرێتی پۆلیسی هاتووچۆ ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. دوا بەدوای ئەم کردەوە ناڕەزایەتییە، بەپرسانی ئۆستانداری کوردستان لەگەل (٥) کەس لەنوێنەرانی شۆفێرەکان وتوویژیان کردووەو بەلێنی پێڕاگەیشتن بە داواکاریەکانیان پێداون. شۆفێری تاکسیەکانی شاری (سنە)ش هەڕەشەیات کردووە کە ئەگەر ئەم وتو وێژانە ئاکامێکی بە دواوە نەبێت رۆژی سێ شەممە لەبەردەم شورای شاری سنە خۆپیشاندان بەرێوە دەبەن.

رۆژنامەی هەمئاوا داخرا

رۆژنامەی" هەمئاوا " کە لە زانکۆی ورمێی لە رۆژهەلاتی کوردستان دەردەچێت، لەسەر بڕیاری لێژنەی چاودێری بەسەر چاپەمەنیەکانی زانکۆی ورمێ، ئیمتیازەکەی لێ ستیندراوەو راگیراوە. بە پێی هەواڵی رۆژنامەی " ئافتابی یەزد" " سەجاد نیکام" بەرپرسی رۆژنامەی (هەمئاوا) رایگەیاندووە من تەواوی ئەو تۆمەتانەی کە ئاراستەی رۆژنامەکە کراون، بە بەڵگەوە رەتمکردوونەتەوە، بەم حاڵەش پێشیان لە بڵاو کردنەوەی رۆژنامەکەمان گرتو دایانخست.

تێکهەڵچوونی خوێندکاران و هێزەکانی پۆلیسی تورکیە

دووشەممەی رابردوو هەزاران کەس لە خوێندکارانی زانکۆکانی تورکیا لە دژی ریبکخراوی خوێندنی بالا درووشمیان داوە. بە پێی راپۆرتی هەواڵنێری (ئاناتۆلی) لە ئاکامی خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی ئانکارا هێزەکانی پۆلیس و خوێندکاران تێکهەڵچوون هێزەکانی پۆلیس بە کەڵك وەرگرتن لە گازی‌ە فرمێسك رێژ هێرشیان کردۆتە سەر خۆپیشاندەران و خوێندکارانیان دەستگیرکردووە. خۆپێنداکارانی زانکۆکانی تورکیا بە دانی درووشمی (ئێمە زانکۆی ئازادمان دەوێ) خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوی خوێندنی بالای تورکیابوون و ئەم ناوەندەیان وەك کۆسپێك لەسەر رێگای ئازادی لە زانکۆکان راگەیاندووە.

رۆژهەلاٌت و باشوور بەیەکەوە جەژنی رەمەزانیان کرد

بەگوێرەی هەواڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە رێگای ئیمام جومعەکان و دام و دەزگاکانی راگەیاندن و ناوەندە فەرمییەکانی دیکەوە، بە خەڵکیان راگەیاندبوو کە رۆژی هەینی ٤ ـ ١١ ـ ٢٠٠٥ یەکەمین رۆژی جەژنی رەمەزانە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بریارەوە، رۆژی پێنج شەممە هاودەنگ لەگەڵ باشووری کوردستان کریە جەژن و دووکان و بازاڕەکان داخران. تەنانەت خوێندکاران و مامۆستایان و موچە خۆرانی دەوڵەتیش نەچوونە سەر کار. لە رۆربەی شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، فەرماندارەکان و سەرۆکی بەرێوبەرایەتیەکان پەروەردە و بارهێنان، بۆ پێشگیری لە بریای خەڵك و سەپاندنی بریاری دەوڵەت، رۆژی پێنج شەممە. لە هەوڵێکی بێ ئاکامدا بە نێو قوتابخانەکان و بەرێوبەرایەتیەکاندا گەران و داوایان لە خەڵك کردووە کارەکانی خۆیان درێژە پێبدەن، بەڵام هەرەشەو گورەشەکان خەڵکیان نەترساندووە و تەنها ئیمام جومعەکان و ژمارەیەك کارمەندی دەوڵەت بریارەکەیان جێبەجێ کردووە. ئەم بریارەی خەڵکی کوردستان، خۆی لە خۆیدا، بریارێکی سیاسی واتا دارە و دەبێ دەست خۆشی و پشتیوانی لێبکرێت، لە هەمان کاتدا نیشانەی هاوهەنگی و یەك هەڵوێستیخەڵکی پارچەکانی کوردستانە.

جەژنی مەهابادییەکان تێکهەڵچوونی لێکەوتەوە

لە رێو رەسمی کۆتایی رۆژەکانی رەمەزان و جەژنی مەزهەبی رەمەزاندا، لە نێوان خەڵکی مەهاباد و هێزە ئینتیزامی و نیزامیەکاندا لە چەند شوێن تێکهەڵچوون روویداوە. خەڵکی شار بلەپێی نەریتی ناوچەیی و چەند ساڵەی خۆیان، لەیەکەمین کات ژمێرەکانی رۆژی پێنج شەممە ١٢ ی خەزڵوەر، بە بۆنەی جەژن و بەمەبەستی سەردان لە گلکۆی خۆشەویستانیان چوونە گۆرستانی شار و پاشان لەسەر گلکۆی لاویکورد (شوانەسەید قادری) کۆبوونەوە لەم نێوانەدا ژمارەیەك لە بەژداربوان خوازیاری ئازاد کردنی لاوی بەندکراوی کورد (مستەفا رەسوڵ نیا) بوون کە بەهۆی کاردانەوەی توندی ئەو هێزە ئینتیزامیانەی کە لەوێ بوون رێورەسمەکە بەرەو توندوو تیژی چوو هێزە ئەمنیەتی و ئینتیزامیەکان کەوتنە کوتان و لێدان و گرتنی خەڵك. دەگوترێ لە رەوتی ئەم هەڵچوونانەدا کەلانی کەم ١٢ کات ژمێری خایاند، هێزە دەوڵەتیەکان لە چەکی گەرم کەڵکیان وەرگرتووە و تەقە کردنی بەردەوامیش رووی داوە تێکهەڵچوونی نێوان ئەم هێزانە و خەڵك جیا لە مەیدانی ئیستیقلال، بۆ گەرەکەکانی (پشت تەپ) و (کانی سۆفی رەسید) یش پەرەی سەندووە. لە ژمارەی بریندار بوان و دەست بەسەر کراوەکان تا ئێستا هەواڵی باوەڕ پێکراو لە دەست دانییە.

تورکیا دەیەوێ کەناڵی ئاسمانی رۆژ TV رابگیرێت

لە هەفتەی رابردوو، وەزیری دادی حکومەتی تورکیا، جەمیل چیچەك داوای لە دانیمارك کرد کە رێگە بە پەخشی کەناڵی ئاسمانی رۆژ tv، کە شوێنی کەناڵەکانی ئاسمانی مەد tv ومیدیا tv ی گرتۆتەوە، بگرێت و لە دایین هەنگاویشدا کەناڵەکە رابگیرێت. ئەوەی شیاوی باسە ١٩ ی تەمموزی رابردوو، سەفارمانداری سوپای تورکیا داوای داخستنی رۆژنامەی ئوزگور گوندەم و رۆژ tv ی کردبوو، هەروەها رایگەیاند بوو کە ئیتر هەبوونی تەلەفزیۆنێکی کوردیم بە ناوی رۆژ tv م پێ هەرس ناکرێ و ئارام لە بەر بڕاوە. هەر دەربارەی ئەو مەسەلەیە سەرۆك وەزیرانی دانیمارك لە لێدوانێکیدا رایگەیان دبوو، لە وڵاتەکەیاندا ئازادی پەخش و چاپەمەنی هەیە، بۆ ئەوەش تەلەفزیۆنی رۆژ لە چوارچێوەی ئاسای ئەوان مۆڵەتی پەخشی پێ دراوە، ئەیوان لە داهاتوودا چاودێری پەخشی ئەو تەلەفزیۆنە دەکەن، بەڵام بەر لەسەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ وڵاتی دانیمارك، بەرێوبەری ئاسایشی کۆبنهاگن رایگەیاندووە کە بریاری لێپرسینەوەی دژ بە کەناڵی رۆژ tv وەرگیراوە، وا چاوەڕوان دەکرێت لە داهووتیەکی نزیکدا کێشەیەك سەبارەت بەو مەسەلە بکرێتەوە.

دیاردەی مامەڵەکردن بەزەوی ئاوارەکانی کەرکوك پەیدابووە

بە گوێرە هەواڵەکان مامەڵە کردن بە کڕینو فرۆشتنی ئەو زەویانەی کە بەئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك دراوە شێوەیەکی ئاشکرای وەرگرتووە، ئەوانەی زەویەکان دەکڕن دەبێ ڕەزامەندی لە لایەنە کوردستانییەکانەوە بهێنن، بەمەش نا ڕەزایەتی لە نێو خەڵك بەرزبۆتەوەو مامەڵەکردن بەو زەویانەوە بەناڕەوا دەزانن‌و پێیان وایە ئەمە هاندەرێك دەبێ تا ئاوەرەکان زەوییەکانیان بفرۆشن‌و نەشگەڕێنەوە بۆ زێدی باب‌و باپیرانیان ئەوەی شیاوی باسە لە دوای روخانی رژێمی بەعسەوە ژمارەیەك خێزان گەڕاونەتەوە بۆ سەر زێدی خۆیان کەپێشتر رژێمی بەعس لەمیانی پرۆسەی بە عەرەبکردن وەدەری نابوون، بەڵام لایەنە پەیوەندارەکان بایەخیان بە ژیانی ئاواره گەڕاوەکان نەداوە، زۆربەیان تا ئێستاش لە ناخۆشترین و سەختترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن‌و لەسادەترین خزمەتگوزاری بێبەشن، ئەمەش وایکردووە کە ئەو گەڕاوانە زەویەکانیان هەرزان فرۆش بکەن‌و جارێکیتر ئاواره ببنەوە.

هەڵوێست

هاوڵاتیەك دەکوژرێ

بەرەبەیانی رۆژی ١١ / ١١ / ٢٠٠٥ هاوڵاتی (رێباز کەریم) کە بەسەردان لەهەندەران هاتبۆوە کوردستان، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیان لەگەڕەکی رەحیماوەی شاری کەرکوك، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێدەکرێ‌و دەکوژرێ. هەر چەندە هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە بەڵام گومان بۆ ئەوەدەچێت کە گروپە عەربە تووندڕەوەکان ئەم تاوەنەیان ئەنجام دابێ.

چەند پۆلیسێکی فەرمانگوزارییەکان دەگیرێن

رۆژی ٤ / ١١ / ٢٠٠٥ چەند پۆلیسێکی دەزگای فەرمانگوزاری لە (رانیە) تەقە بەئاسماندا دەکەن و وا بڵاودەکەنەوە کە چەکدار هاتونەتە سەریان، بەڵام دوایی دەردەکەوێ کە خۆیان ئەو کارەیان ئەنجامداوە بۆیە لەلایەن ئاسایشەوە دەگیرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ.

هاووڵاتییەك هەڕەشەی لێدەکرێت

هاووڵاتییەکی گوندی (گراو) بە ناوی (جەمیل نوری) رایگەیاندووە لەلایەن بەرپرسێکەوە هەڕەشەی لێکراوەو پێی گوتراوە چونکە هانی خەڵکی (گراو) دەدەی کە ڕەزو باخەکانیان بە بەرپرسان نەفرۆشن دەبێ تەمبێ بکرێی‌و سزای خۆت وەربگریت. هەروەها پێی راگەیەندراوە کە نابێ بچێتە ناو ڕەزەکەیەوە کە دەکەوێتە بناری چیای نزیك (سەری ڕەش) ئەوەی شیاوی باسە لەبەر مەسەلەی ئەمنی گوندی گراو لەشوێنی خۆی گوێزراوەتەوەو لە شوێنێکی دیکە بەناوی گراوی نوێ دروست کراوەتەوە.

ئەو کەسەی ٦٣ هەزار دۆلاری دزی بوو، دەستگیر کرا

هاوڵاتییەکی خەڵکی (رانیە) کە نایەوێ ناوەکەی ئاشکرا بکرێ، رۆژی ٣ / ١١ / ٢٠٠٥ دەچێتە قەزای (سۆران)و بڕی (٦٣) هەزار دۆلار لەگەڵ خۆیدا دەبات، لە نووسینگەیەك لێی دەدزرێت. ئەویش ئاگاداری ئاسایش دەکاتەوە. خۆشبەختانە بە هاوارییەوە دەچن‌و دزەکە دەگرن‌و پارەکەی بۆ دەگێڕنەوە.

گروپی فشار لە رانیە دروست بوو

ژمارەیەك رۆشنبیرو مامۆستای خەڵکی (رانیە) بۆ بەدواداچوونی کێشەو گرفتەکانی ناوچەی (بێتوێن‌و پشدەر) گروپێکیان لە ژێر ناوی (گروپی فشار) دروست کردووەو داوایان لەخەڵك کردووە کە هاوکارییان بکەن‌و لەمە بەدوا بۆخۆیان بەدوای داخوازیەکانیان دابچن و هەوڵی چاودێری کردن‌و جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بدەن.

ئەندامێکی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسیەکان دەرکرا

دوای ئەوەی دەرکەوت (م.خ) یەکێك لە ئەندامانی لقی هەولێری کۆمەڵەی زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان، لەسەر کێشەی سیاسی زیندانی نەکراوەو بۆ بەئەندام بوونی بەڵگەکانی ساختە کردووە، بە بڕیاری کۆمەڵەکە دەرکرا. ئەمەش لەو کاتەدا دەرکەوت کە ئەو ئەندامە مشتومڕ لەگەڵ بەرپرسێکی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسیەکان دەکات‌و خۆی بەمەغدوور دادەنێ‌و گلەیی ئەوەدەکات کە بۆچی وەکو پێویست هاوکاری نەکراوە، بەڵام بەرپرسەکە لە فایلی رابردووی دەکۆڵێتەوەو بۆی دەردەکەوێت کەناوبراو پێشینەی تەواوی نییەو لەسەر سیاسەت زیندانی نەکراوە.

لەهەولێر شۆفێرێك لەچاڵی قیردا گیانی لە دەستدا

"ریازموسا" کە شۆفێرێکی عەرەب بوو، کاتژمێر ٤٥ :١٢ دەقیقەی شەوی ٧ / ١١ / ٢٠٠٥ تانکەرێك قیر لە دەرەوەی کوردستان دەهێنێ بۆ کارگەی قیری هەولێر لەسەر رێگای هەولێر مەخمور دەیبات، لە کاتی بەتاڵکردنی قیرەکە بۆ ناو چاڵی کارگەکە بۆخۆی دەکەوێتە ناو چاڵەکەوەو گیانی لەدەست دەدات، بە گوێرەی زانیاری چاڵە پڕ لە قیرو لەکاتی کۆڵان دابووە. دوای ئاگادار کردنەوەی پۆلیس، مەفرەزەکانی بەرگری شارستانی بە کارهێنانی حەفارە، دوای دوو کاتژمێر تەرمەکەی دەردەهێنن‌و رەوانەی پزیشکی یاسایی دەکەن. هەرچەندە هۆکاری کەوتنە ناو چاڵەکەوە نەزانراوە بەڵام لەلایەن دەزگای پۆلیسەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کراوە.

ئەوین ئەحمەد بە سکرتێری پارتی لیبراڵی کوردستان هەڵبژێردرا

پارتی لیبراڵی کوردستان کە ساڵێك لە مەوبەر لەهەندەران دامەزراوە لە بەیاننامەیەکیدا کە رۆژی ٤ ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە، رایگەیاندووە کە (خاتوو ئەوین ئەحمەد) بە سکرتێری پارت هەڵبژێردراوەو (رێنوار سەردار)یش بەگوتەبێژی پارت دیاریکراوە.

قاچاغچییەك دەکوژرێت

رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٩ لە بناری قەندیل گەریلاکان رێگا لە کاروانێکی قاچاغچییەکان دەگرن‌و داوای گومرگیان لێدەکەن، بەڵام ئەوان گوێ بە داوای گەریلاکان نادەن‌و راناوەستن. گەریلاکان تەقە لە قاچاغچییەکان دەکەن. لە ئاکامدا یەکێك لە قاچاغچییەکان دەکوژرێتو دووانی دیکەش بریندار دەبن. ئەمە چەندین جارە کە شەڕ لە نێوان گەریلاو ئەو قاچاغچییانەدا روودەدات کە ئامادە نابن باجی گومرگ بە گەریلاکان بدەن.

لە قەڵادزێ (١٨) پۆلیس دەردەکرێن

بە گوێرەی هەواڵەکان بەرێوبەرێتی پۆلیسی قەڵادزێ (١٨) کەس لە پۆلیسەکانی سەر بەبەرێوبەرێتییەکەی دەرکردوو، ئەو پۆلیسانە بەو بریارە ناڕازین و سکالای خۆیان لە لایەن دەزگا پەیوەندارەکانەوە تۆمار کردووەو خۆیان بەخاوەن خزمەت دەزانن‌و داوا دەکەن کەبەرێوەبەرێتی پۆلیس چاوێك بەداواکانیاندا بخشێننەوە و بیانگێڕنەوە بۆسەر پیشەکەی خۆیان.